لیڤەرپوڵ و لیڤەرکوزن و رۆما گەیشتنە قۆناغی چارەکی کۆتایی یۆرۆپا لیگ

لە یۆرۆپا لیگ لیڤەرپوڵ گۆڵبارانی سلاڤیا پراگی کرد و لیڤەرکوزن و رۆماش گەیشتنە قۆناغی چارەکی کۆتایی.

لە یارییەکانی گەڕانەوەی قۆناغی 16ی یۆرۆپا لیگ، یانەی لیڤەرپوڵی ئینگلیزی لە یاریگای ئانفێڵد میوانداری یانەی سپارتا پراگی چیکی کرد.

لە دوو تایمی یارییەکەدا، یاریزانانی لیڤەرپوڵ ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و بە ئەنجامی شەش گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردنەوەیان بەدەستهێنا، داروین نونەز و کلارک و محەمەد سەڵاح و کۆدی گاکپۆ دوو گۆڵ و سۆبۆسلای گۆڵەکانی یانە ئینگلیزییەکەیان تۆمارکرد.

لە یارییەکانی تریشدا، یانەی بایەر لیڤەرکوزنی ئەڵمانی ریمۆنتادای بەسەر کاراباگ ئەگدام کرد و رۆما بە برایتۆن دۆڕا، ئەتاڵانتا لە سپۆرتینگی بردەوە